# كاریگەری سەنتەرەكان لەسەر گەنج

**سیروان سەید**

گەنج یەكێكە لە ئەكتیفترین توێژی كۆمەڵ وودابنەمۆی برپڕەی پشتی كۆمەڵگەیە ، سەرەرای ئەوەی كە پیرۆزترین و بەبەهاترین سەرمایەی نیشتیمانە بۆیە دەخوازرێت كە گرنگی تەواویان پیبدرێت وەپێویستە كۆمەڵگاو دەوڵەت پرسیان پێبكات وگوێبیستی داواكارییەكانیشیان بێت لە بەر ئەوەی ئەوان لایەنێكی كاراو زیندوی كۆمەڵن وەهۆكاری پێشكەوتنی زۆرێك لە دەوڵە تانن بۆیە مافی خۆیانەكە گرنگی زیاترو زۆرتریان پێبدرێت وتواناكانیان لەبەرچاو بگیرێ و بۆجون وبە هرەكانیان بنرخێنرێ وهۆكاری گرنگی دان بەبەهرەو تواناكانیان بۆفەراهەم یكرێت. بەڕای من ئەوەی كەئێستا گەنج پێی دڵخۆشەوپێی وایە تواناوبە هرەكانی لێوە دەردەكەوێو وون نابێت سەنتەرەكانن كەبوونەتە دایەنگای خەون وخولیاكانی گەنج بۆیە بەبەراورد لە گەڵ هەرڕێكخراوێك یالایەنێك سەنتەرەكان توانیویانەڕێژە یە كی بەرجاولەدەوری خۆیان جە م بكەن ،بەلام ئەوانیش لەگەڵ ئە وەی كە جۆراو جۆرن



كۆرسێكی فێربونی زمانی ئینگلیزی فۆتۆ :سەنتەر

كاریگەری جیاوازیشیان هەیە لەسەر گەنج ، هەندێ لەوسەنتەرانە توانیویانە خزمەتی بەرجاوبكەن ئەویش بەكردنەوەی خولی جۆراوجۆری كۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و چەندین گۆڕی شیعری وفیكری وزانستی وهیتر وەتوانیویانە بەهرە هەمەلایەنەكانی گەنج لە بێژ نگ بدەن و سەرەنجام لەیەك بەهرەی سەركەوتو قاڵ بوودا ئە وگەنجە ئاراستە بكەن . بەداخەوە زۆرێكی تر لە وسەنتەرانە ی كە ئیستا دامەزراون نەك هەر خزمەت بەگەنج ناكەن بەڵكو بە ئاقارێك دا دەیبەن كەنەك بە هرەكانی بەڵكو خودی خۆشی لێ وون بێت لە گەڵ ئەوەی كەژمارەیەكی زۆر لە كۆمپیوتەروئامێری پیشكەوتوویان لەبەردەستدایە بەلام بەكاری ناهێنن لە خولی بەهیزكردن دا ، بۆیە گەنجان یاری پێدەكەن وكردوویانە بە هۆبە ی عەتاری، وەبە شێكی تریان بۆتە پێگەیەك كەزۆربەی گەنجی كورِوكچی هەرزە لەوێوە یەكتردەناسن وبە شیوە یەكی نە شازودورلە نەریتی كۆمەڵگەی كوردی تێكەڵ بەیەكتردەبن بەجۆرێك كەلای هەرئاین وبیروئایدیایەك نامۆو بێزلێكراوە بۆیە دەخوازم كەهەرجۆن سەنتەرە كان لەبنە ڕەت دا ئەركی خزمەت كردن ودروست كردنی كایە یەكی پێشكەوتن خوازە دوریش بێت لەهەردیاردەیەیەكی ناباوو نەگونجاو كەدورە لەئەرك وئامانجی سەنتەرەكان.

## گەنج و ئینتیما

گە نج ولاومرۆڤن هە ست بە خۆشی وناخۆشی یە كانی ژیانیان دە كەن ، ئاوات وحەزوو ئارە زوویان زۆرەوخەونەكانیان بێ سنورە گۆڕانكارییەكانی ئەم جیهانە بە هێزووبازووی ئەوان دێتە بوون.بەلاَم كاتێك ئینتیمایان هەبێت ئەگەرنا دەبێ هێزی ژیری وبازوویان بۆجی وبۆكێی بەكاربێنن شێواندنی ئینتیمایان لە سودی كۆمەڵگادا نیە بەڵكودەجێتە بەرژەوەندی ناحەزانەوە بە مەش دەبنە هێزێكی بێكە ڵكوزیان بەخش بۆكۆمەڵگا جوونكە ئاراستەی بێسودە بۆیە پێویستە هەستی ئینتیمایان بەهێزبكرێت تاگۆڕانكارییەكان ئیجابی بن ئینتیماش دروست نابێت كۆمەڵگاودەسەڵات خەمیان نەخوات ج جای پەراوێزبخرێن وەك ئەمڕۆكەدەیبینین . تا دێت گەنج ولاوانمان ئینتیمایان بۆنیشتیمان كاڵدەبێتەوە كاتێك دەبینن ئایندەیان لێڵەودواڕۆژیان نەزانراوەبە هۆی سەرقاڵ بوونی كەسانی مەسئولی نامە سئولەوە بەباخەڵ پڕكردنەوە.

حسین شێخانی

## خەباتكردن بۆبەدی هێنانی ئاما نجەكان ئە نجامدەری بەهێزدەكات

**رێبین كەركوكی**

ئەگەر بە وردی لەجیهان دادەبینین گەلێك گروپ ودەستەو حیزب ورێكخراووسەنتەرهەن كەهەریەكەو لەبوارێك داكاربۆبەدیهێنانی ئامانجەكانی دەكات بێگومان عێراقی خۆشمان پشكێكی زۆری لەهەبوونی ئە رێكخراوو حیزب وسەنتەرنە بەركەوتووە كەدیارە لێرەدا مەبەستم زۆریانە نەك شتی تر،وەهەریەك لەمانە بەناوی جیاجیاو بەكۆمەڵێ پرەنسیب وئامانجی دیاریكراوەوە كەلەدوتوێی نامیلكەیەك دا نوسیویانە كە هەریەك لەوئامانجانە شتگەلێكی هێندە جوانن كە ئەگەر هاوردەی دونیایەكی تربیت وئەو ووتە گەورانە ببینیت كە رۆژانە دەوترێ ودەنوسرێ بەدڵخۆشییكی بێێنەوە دەڵێ ی تەواو ئیتر( منداڵ نامێنێ سواڵ بكا یا شت بفرۆشێت ، لاونامێنی خەونەكانی نەیەتە دی ،بێوەژن نامێنێ كۆتایی بە نەهامەتی نەیاو فرمێسكی وشك نەبێتەوە هەتیو نامێنێ بێلانەبێ وهەست بە كەموكوڕی بكات ،بەداخەوە پاش ماوەیەكی زۆر لەجاوەروانی دەبینین نەك هەركێشەكان چارەسەر نەكراوەبەڵكو تەراخومایەكی وایدروست كردوە كەجارەسەری زۆر ئەستەمە هەبێ، سەرجەم هۆكارەكەشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە كە هەمووئەوانەیبەخویاندەڵێن (حیزب،رێكخراو ،سەنتەر) تابڵێ ی لاوازن لەئاست هەوڵدان بۆهێنانەدی ئەوئامانجانەی كە بانگەشەی بۆدەگەن بەواتایەكی دی نوسینی سەركاغەزەو هیجیترمن ناڵێم هەرهیجیان نەكردووە بەڵكو دەڵێم ئەوداكۆكییەی كەدەیكەن زۆركەمە لەئاست پێویستی وداخوازییەكانی جەماوەردا بویە دەخوازم كەرێكخراوو حیزب وسەنتەرەكان بەخۆداچونەوەیەكیِ استە قینەو كارا بەخۆیان دابكە نەوەو خەباتی زیاترو زۆرتربكەن بوهێنانەدی سەرجەم ئەو ئامانجانەی كە مەبەستیانە بێتەدی بۆئەوەی متمانەیەكی زیاتری جەماوەر بۆخۆیان مسۆگەربكەن ونەبنە بنێشتەخۆشەی ژیردانی خەڵكی كەئێستا لێیان دەپرسن ئەرێ بە راست چیتان كردووە بۆ میللەت ؟!!

## كێ یاسادانەر بێ؟..

مرۆڤ یەكێكە لەدروستكراوە گران بەهاكان ،كەدەتوانێ ڕۆڵێكی باش ببینێ بۆگۆڕانكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەو ووزەوتوانایەی كەتێیدا بەدیدەكرێ. هەروەها مروڤ پێك دێلەدووشتی سەرەكی كەیەكێ لەوانە (مێشكە) كەهاوڕێیەكی بەنرخی مرۆڤە ، هەمووكاتێ هەوڵئەدات وونی بكات ویاخی بكات لە زۆریاسادادپەروەرەكان واتە هاوڕێیەكی خراپە. كەوابوو ئەم دوو هاوڕێیە هەمیشە لەسەنگەردان بۆزاڵبوونی یەكێكیان بەسەر ئەویترداكەچی مێشكی بەستەزمان هەرلەژێر جەپۆكەی نەفس دایە!! ئەی ئەوەنیە مێشكمان دەزانێ كەجگەرە زیان بەخشە و لەزۆربەی كاتا توشی زۆركێشەی دەرونیمان دەكات بەلاَم نەفسمان داوای جگەرەدەكات .مێشكمان دەزانێ كەستەم رەنگدانەوەی خراپی هەیەدژبە ئەنجامدەرەكەی كەجی نەفسی د یكتاتۆر داوای تێربوونی حەزووئارەزووەكان دەكات كەهەتاهەتایە تێرنابێ بۆیەرەچاوی(ئازادی ویەكسانیوبرایەتی و خۆش گوزەرانی)ناكات بۆیە رۆژێك دێ گوێ نەدان بەیاساكانی مێشك دەبێت بەچەكێكی كوشندە دژ بە پێشیلكارییەكانی یاسادەبێتەوە ، ئەمەكەكوشندەیە دژ بە (اپورجاری یشوب) كەیەكێك بوە لە قوربانییانی جەنگی نەفس كەدانی بە كومەڵێ تاوانی جۆراوجۆردا ناوە لەوانە دەست درێژی سێكسی و كوشتنی (٥) منداڵ كەتێیدا منداڵی (٤) ساڵان بە دی كراوە ، كوشتنی(كیم پیتیرسەن) كەتەمەنی (١١)ساڵ بووە پاشان دەست درێژی لێكراوە. (اپور) یەكێكە لەكەسە قسەزانەمەسیحیەكان،پێش لەسێدارەدانی ئە لێ (گەر لەمنداڵیمەوە هاوڕێكانم وێنەی سێكسییان پێم پیشان نەدایە ئەوەندە پە یوەست نەدەبووم بەوكارانەوە بێ توانایيم لەبەردەم ئارەزووە كاناچارە نوسێكی تاریكی پێ بەخشیم

.جاگەردە تەوێ كەسێكی گران بەهابی هەوڵ بدە مێشكت بەتواناتربێت لەنەفست بۆئەوەی بەختەوەربی وچەكە بە هێزە كوشندەكە سەنگەرت لێنەگرێ ... ئێستا كێ یاسادانەربێ وپە یرەوی یاساكانی بكرێ باشە ؟

**كاوە عوسمان**